بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

حم (1)

ئەم پیتانەبەڵگەن لەسەر ئەوەی کەئەم قورئانەلەم جۆرەپیتانەداڕێژراوەو
کەس ناتوانێ لەوێنەی داڕێژێت.

وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ (2)

سوێند بەکتێبی روون و ئاشکرا (بەمەست قورئانە).

إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (3)

ئێمەئەو کتێبەمان کردووەبەقورئانێك، بەزمانی عەرەبی، بەڵکو ژیری و
بیروهۆشتیان بخەنەکار (تا لێی تێبگەن  و پەیڕەوی بکەن).

وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ (4)

ئەم قورئانەلە(لوح المحفوظ)دا کەسەرچاوەی قورئان و  هەموو
کتێبەکانی تری خوایەزۆر بەڕێزو ڕێزدارمان کردووەو
پڕمانکردووەلەدانایی.

أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ الذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ (5)

باشە، ئایا دەکرێت ئێمەهۆشیارتان نەکەینەوە، بەم قورئانەلەبەرئەوەی
ئێوەهۆزێکی زیادەڕەوو لارووێرن.

وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي الْأَوَّلِينَ (6)

ئێمەچەندەها پێغەمبەرمان ناردووەبۆ نەوەکانی ڕابردوو (تا سەرگەردان
نەبن).

وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (7)

بێگومان هەر پێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانەکرابێت ئەوان گاڵتەیان پێ کردووەو (باوەڕیان پێ نەهێناوە).

فَأَهْلَكْنَا أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَى مَثَلُ الْأَوَّلِينَ (8)

(ئەوسا ئیتر بەسەریانەوەنەچووە) بەڵکو ئێمەئەوانەمان لەناو بردووەکەزۆر لەمانەدڕندەترو بەهەڵمەت تر بوون، ئیتر بەسەرهات و ڕووداوی پێشینان بەسەرچووەو (تێپەڕیون).

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ (9)

خۆ ئەگەر پرسیارینا لێ بکەیت کە: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوە؟ (لەوەڵامدا) بەدڵنیایی دەڵێن: هەر زاتی باڵادەست و زانا دروستی کردوون.

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (10)

ئەو خوایەی کەزەوی کردووەبەلانکەی ژیانتان، ڕێگەوبانی تیادا بۆ ئاسان کردوون تا بگەنەمەبەست و ژیانتان ئاسان و ئاسوودەبکەن.

وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ تُخْرَجُونَ (11)

هەروەها ئەو زاتە، ئەو خوایە، لەئاسمانەوەبەئەندازەباران دەبارێنێت، وە(دەفەرمویت)، تا بەو هۆیەناوچەمردووەکانی پێ زیندوو بکەینەوە، هەر بەو شێوەیەئێوەش لەگۆڕەکانتان دەهێنرێنەدەرەوە.

وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ (12)

هەر ئەو زاتەهەموو جووتەکانی (لەجیهانی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەك و بێگانەکاندا) دروستکردووەو بۆ ئێوەی ڕەخساندووە، هەروەها

کەشتی و جۆرەکانی ئاژەڵی بۆ ڕامهێناون تا بۆ سواریی سوودی لێوەربگرن.

لِتَسْتَوُوا عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ (13)

هەرکاتێك لەسەر پشتیان سەقامگیر بوون یادی نازو نیعمەتی پەروەردگارتان بکەنەوە، (کەجۆرەها هۆکاری هاتوچۆی بۆ سازاندوون)، وەبڵێن: ستایش و بەرزیی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کەئەمەی بۆ ڕەخساندووین (خۆ ئەگەر ئەو بەمیهرەبانی خۆی بۆ ڕام نەکردینایە) هەرگیز ئێمەنەماندەتوانی ڕامیان بێنین.

وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ (14)

ئێمەبێگومان هەر بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە(پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) هەرجارێك سواری وڵاغەکەی ببوایەسێ جار (اللهاکبر)ی دەفەرموو، دوایی دەیفەرموو: سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا لەمقرنين وإنا لمنقلبون).

وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ (15)

(باوەڕ چەوتەکان) هەندێ لەبەندەکانی خوا، بەخوا دەزانن (گاورەکان دەڵێن: عیسای کوڕی خوایە، جوو دەڵێت: عوزەیر کوڕی خوایە، بتپەرستەکان دەڵێن: فریشتەکان کچی خوان)!!، بەڕاستی (زۆربەی ئینسانەکان، قەدری خوا) نازانن و بێ باوەڕێکی زۆر ئاشکران.

أَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَاكُم بِالْبَنِينَ (16)

(ئایا شتی وا ڕەواو ڕاستە، فریشتە) دروستبکات و بیکاتەکچی خۆی؟! وەبۆ ئێوەکوڕان بەڕەوا بزانێت؟! (ئەمانەهەمووی بیروباوەڕی نەفامەکان بوون خوای گەورەدەیەوێت هەر بەبۆچوونی خۆیان بیروباوەڕەیان پوچەڵ بکاتەوە).

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (17)

ئەگەر یەکێکیان ھەواڵی بدرێتێ بەوەی کەبۆخوای میھرەبان بەڕەوای دەزانن ڕوخساری ڕەش ھەڵدەگەڕێت و لەدەروونا ھەر خۆی دەخواتەوە.

أَوَمَن يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ (18)

ئایا کەسێك بەمنداڵی خوا ڕەوا دەبینن (کەلەباوی ئەواندا) ھەردەم لەئارایشت کردنی خۆیایەتی و تیایدا گەورەدەبێت، وەلەڕووبەڕوو بوونەوەشدا دیار نیە؟!

وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ (19)

(ئەو خوانەناسانە) فریشتەکانی خوا، کەبەندەی خوای میھرەبانن بەئافرەت و کچی خوای دەدەنەقەڵەم!! ئایا ئەوان ئامادەی دروستکردنیان بوون؟! بەڕاستی ئەم بوختانەیان لەسەر دەنوسرێت و سبەی پرسیاریان لێ دەکرێت.

وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُم مَّا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ (20)

(بۆ پینەکردنی ھەڵوێستی ناڕەوایان) دەڵێن: ئەگەر خوای میھرەبان بیویستایە.. ئێمەئەمانەمان نەدەپەرست، وەنەبێت (لەسەر بنچینەی ھیچ زانستی و زانیاریەك (ئەو قسەیەبکەن)، ئەمەش لەنەزانین و بێ ئاگاییەوە، ئەمانە(بیروباوەڕیان لەسەر گۆترەکاریی)و درۆ ھەڵبەستن بەرپاکردووەو بوختان و درۆ دەکەن.

أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا مِّن قَبْلِهِ فَهُم بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ (21)

ئایا مەگەر (ئەو خوانەناسانە) پێش ئەم قورئانەکتێبی ترمان بۆ ناردوون؟ تا پابەندی بن و بیکەنەبەڵگەلەسەر باوەڕەکانیان.

بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ (22)

ئەوانەهیچی وا نیە، بەڵکو هەر تەنها ئەوەیەکەدەڵێن: ئێمەباوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئاین و بەرنامەیەکی ئاوا دیوە، بەڕاستی ئێمەش بەشوێن ڕێبازی ئەواندا هەنگاو هەڵدەگرین.

وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ (23)

هەرکاتێك پێغەمبەرێکمان ناردووەبۆ هەرشوێنێك، خۆشگوزەرانەکان وتویانە: ئێمەباوانی خۆمان بینیووەپابەندی بیروباوەڕێك بوون و ئێمەش چاو لەوان دەکەین.

قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ (24)

پێغەمبەرەکەش وتوویەتی: باشە... ئەگەر لەڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی باوانتانم چاکتریش بۆ هێنان (هەر کوێرانەشوێنی باوان دەکەون؟!)، لەوەڵامدا وتوویانە: ئێمەبەو (بەرنامەو شتانەی) کەپیاتاندا ڕەوانەکراوەبڕوا ناکەین.

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (25)

ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن، جا سەرنج بدەو ببینەسەرئەنجامی ئەوانەی پەیامی پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوەچۆن بوو.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاء مِّمَّا تَعْبُدُونَ (26)

ئەو کاتەبێنەوەیاد کەئیبراهیم بەباوکی و هۆزەکەی خۆی دەوت: من زۆر دوورەپەرێزم لەو شتانەی کەئێوەدەیپەرستن.

إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ (27)

جگەلەو زاتەی کەدروستی کردووم، هەر ئەویش ڕێنمونیم دەکات و دەمجاتەسەر ڕێگەی ڕاست و دروست.

وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (28)

ئەوسا ئیتر ئەو بەرنامەی یەکتاپەرستییەی هێشتەوەبۆ هۆزو گەلانی دوای خۆی، تا بەڵکو ئەوانیش بگەڕێنەوە(بۆ سەر یەکتاناسیی).

بَلْ مَتَّعْتُ هَؤُلَاء وَآبَاءهُمْ حَتَّى جَاءهُمُ الْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ (29)

(خوا دەفەرموێت) خۆ من ئەمانەو باپیرانیانم زوو لەناو نەبرد، بەڵکو لەخۆشگوزەرانیدا هێشتمنەوەتا ئەو کاتەی ڕاستییان بەجوانی بۆ دەرکەوت و پێغەمبەرێکی ئاشکراو ڕاستوێژم بۆ ناردن.

وَلَمَّا جَاءهُمُ الْحَقُّ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِ كَافِرُونَ (30)

کاتێك کەحەق و ڕاستیان پێگەیشت..وتیان: ئەمەسیحرو جادووەو ئێمەپێی بێ باوەڕین..

وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ (31)

(هەروەها بیانویان گرت و) وتیان: چی دەبوو ئەگەر ئەم قورئانەبهاتایەبۆ یەکێك لەو دوو پیاوەی کەگەورەی هەردوو شاری (مەککەو طائف)ن؟!

أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ (32)

ئایا ئەوانەڕەحمەتی پەروەردگاری تۆ دابەش دەکەن؟! (وەکەسانی شایستەدەدۆزنەوەبۆ پێغەمبەرایەتی؟) لەکاتێکدا ئێمەین کەڕزق و ڕۆزییمان لەنێوانیاندا دابەشکردووەلەژیانی دنیادا، وەپلەو پایەی

هەندێکمان بەرزکردۆتەوەبەسەر هەندێکیاندا، بۆ ئەوەی هەمووان کاروباری یەکتر تەواو بکەن و کەڵك لەتوانایی و لێهاتوویی یەکتر وەربگرن، (جا لەگەڵ ئەو هەموو بەهرەو بەخشینانەدا) ڕەحمەت و میهرەبانیی پەروەردگاری تۆ (کەتایبەتی ئیمانداران‌لەقیامەتدا) لەهەموو ئەو شتانەی کەخەڵکی کۆدەکەنەوە(لەماڵ و سامان و هۆکارەکانی ڕابواردن) چاکترو بەنرخترە.

وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فَضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ (33)

ئەگەر لەبەر ئەوەنەبوایەکەخەڵکی هەموو دەبوون بەیەك پێڕو پارچە(لەبێباوەڕی و تاوانکاریدا)، هەرچی باوەڕی بەخوای میهرەبان نەبوایە سەقفی خانووەکانیانمان لەزیو بۆ دروست دەکردن، هەروەها قادرمەو ئاسانسۆرمان بۆ دەکردن تا بەسەرییدا (بڕۆن و) دەربکەون.

وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِؤُونَ (34)

هەروەها قاپی و دەروازەی ماڵەکانیان و کورسی و قەنەفەی ڕازاوەمان لەزیو (پێدەبەخشین) تا پاڵ بدەنەوەو شانی لەسەر دادەن.

وَزُخْرُفًا وَإِن كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ (35)

وەبەهەموو جۆرەنەخش و نیگارێکی جوان و ڕازاوە(دارو دیوارو سەقف و دەرگاو کەل و پەلی ناو ماڵەکانیانمان) دەڕازاندەوە، جا مەگەر ئەمەهەمووی لەخۆشگوزەرانی ژیانی دنیا بەولاوە(بەچیتر دادەنرێت) لەکاتێکدا کە(ژیانی پڕ لەخۆشی و بەختەوەری نەبڕاوە)ی لای پەروەردگارت بۆ خواناسان و خواپەرستانە(کەنازو نیعنەتی بێ شومارەو کەمەرانیی بێ سنوورە).

وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ (36)

ئەوەی لەیادەناسینی خوای میهرەبان چاو بنوقینێت، ئێمەشەیتانێك دەكەینەمۆكلەی و دەبێتەیارو یاوەری و هەمیشەلەگەڵیدا دەبێت.

وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ (37)

(ئەو شەیتانانە) ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەكەن كەوابزانن لەسەر ڕێبازێكی چاك و ڕاستن.

حَتَّى إِذَا جَاءنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ (38)

تا ئەو كاتەی دێتەلامان (لەقیامەتدا خۆی و شەیتانەكەی ئامادەدەكرێن بۆ لێپرسینەوە) ئەوكاتە(خەڵەتاوەكەبەشەیتانەكەی) دەڵێت: خۆزگەنێوانی من و تۆ بەقەدەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەیەك دوور بوایە، بەڕاستی هاوڕێیەكی نالەبارو خراپ بویت.

وَلَن يَنفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ (39)

ئەمڕۆ ئەو (قسەو گلەی و بناشتانە) هیچ سوودێكیان نیە، چونكەئێوەتازەستەمتان (لەخۆتان و خەڵكیش كردووە) ئێستەتێكڕا هەردوولاتان لەسزاو ئازاردا بەشدارن و (دەبێت تاڵاوی گوناهو تاوان بچێژن).

أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ أَوْ تَهْدِي الْعُمْيَ وَمَن كَانَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (40)

ئایا تۆ (ئەی پێغەمبەر، ئەو بێ باوەڕانەی كەوەك) كەڕ وان گوێبیست دەكەیت، یان ئەویەكوێرەهیدایەتی دەدەیت؟! یاخود ئەو كەسەی كەگومڕایی ئاشكرادا ڕۆچووەڕێنمونیی دەكەیت؟! (دیارەئەوەحاڵیان بێت هیدایەتیان ئاسان نیە).

فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ (41)

(ستەمكاران ناتوانن لەسەتمان دەرچن)ئەگەر تۆش نەمێنیت تۆڵەیان هەر لێ دەسێنین.

أَوْ نُرِيَنَّكَ الَّذِي وَعَدْنَاهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ (42)

ياخود ئەو هەڕەشەيەى كەلێمان كردوون دەيهێنينەدى و نيشانت دەدەين، چونكەئێمەتوانامان بەسەرياندا هەيە.

فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (43)

(كەواتەتۆ بێ خەم بەو) پابەندى ئەوبەكەنيگات بۆ كراوەچونكەتۆ بەڕاستى لەسەر ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەيەكى ڕاست و دروستيت (لەلايەن پەروەردگارتەوەئاراستەدەكرێيت).

وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ (44)

ئەم (قورئانە) يادخەرەوەيەبۆ خۆت و بۆ قەومەكەت، وەلەئاييندەدا پرسيرتان (دەربارەى) لێدەكرێت.

وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِن دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ (45)

تۆ لەپێغەمبەرانى پێش خۆت پرسيار بكە، ئايا جگەلەخواى ميهرەبان خواى ترمان ديارى كردووەكەبپەرسترێن.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (46)

ئەوەبوو كەئێمەموسا پێغەمبەرمان نارد بەبەڵگەو نيشانەكانمانەوەبۆلاى فيرعەون و دارودەستەى، پێى ڕاگەياندن كە: بەڕاستى من ڕەوانەكراوى پەروەردگارى هەموو جيهانەكانم.

فَلَمَّا جَاءهُم بِآيَاتِنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ (47)

هەركەموسا هاتەلايان بەبەڵگەو (معجزة)كانمانەوە، (سەريان سوڕماو گاڵتەو پێكەنينيان دەهات.

وَمَا نُرِيهِم مِّنْ آيَةٍ إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا وَأَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (48)

هەر (معجزة)یەکیشمان نیشان دا یەك لەویتر گەورەترو گرنگتر بوو، (کاتێك باوەڕیان نەهێنا) گرفتاری (تاڵی و ناخۆشی و) سزامان کردن بەڵکو بگەڕێنەوەو بەخۆدا بچنەوە.

وَقَالُوا يَا أَيُّهَا السَّاحِرُ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ (49)

(کەچی) وتیان: ئەی جادوگەر!! نزا بکە، لەپەروەردگارت داوا بکە، بەو پەیمانەی کەبەتۆی داوە(با بەڵاو ناخۆشیمان لەسەر هەڵبگرێت) ئەوسا ئێمەرێبازی هیدایەت دەگرینەبەر!!

فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ (50)

جا هەر کەبەڵاو ناخۆشیمان لەسەر لابردن (بەڵێنەکەیان فەرامۆش کردو) پەیمانەکەیان شکاند.

وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ (51)

فیرعەون جاڕی دا بەناو قەوم و گەلەکەیداو وتی: ئەی قەوم و گەلم، (مەگەر نابینن) کەمن پاشای میصرم و (فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەم)، ئەم ڕووبارانەش بەبەر (کۆشکەکانمدا دەڕوات)؟!.

أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ (52)

ئایا من چاکتر نیم لەو کەسەی ناوبانگی نیەو کەسایەتییەکی لاوازو نەناسراوە؟! (مەبەستی موسا پێغەمبەر بوو).

فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَاء مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ (53)

ئەوەبۆچی بازنی ئاڵتون و زێڕی پێشکەش ناکرێت (تا نیشانەبێت بۆ گەورەی و پایەداریی؟!) یا فریشتەلەگەڵیدا بانگەواز ناکەن و پشتیوانی لێناکەن؟!

فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ (54)

(فیرعەون) هیچ نرخی دانەنا بۆ قەوم و گەلەکەی، بەسوکیی سەیری دەکردن، ئەوانیش (گێلانە) ملکەچ و فەرمانبەرداری بوون، بەڕاستیی ئەوانەقەومێکی فاسق و تاوانبارو گوناهکار بوون.

فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ (55)

ئەوسا کەئێمەیان توڕەکردوو ڕقی ئێمەیان هەستان، ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن، هەر هەموویانمان لە(دەریادا) خنکاندو غەرق کرد...

فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْآخِرِينَ (56)

وەکردمانن بەپێشەنگی تیاچووەکان و پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی تری دوای ئەوان.

وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ (57)

هەرکاتێ کەباسی کوڕەکەی مەریەم (عیسا) بەنمونەهێنرابێتەوە، قەوم و هۆزەکەی تۆ ملەجەڕێیان کردووەو سەریان باداوە...

وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ (58)

وتوویانەئایا پەروستراوەکانی ئێمەشایانی پەرستنن یان ئەو؟!
واتە(عیسا)، ئەو نموونەیەتەنها بۆ (مجادلە)و دەمەدەمێ دێننەوە، (وەنەبێ بەشوێن حەق و ڕاستیدا بگەڕێن) بەڵکو ئەوانەکەسانێکن هەمیشەحەز بەدوژمنایەتی و دەمەدەمێ و ململانێیی بێ سەرو بن دەکەن.

إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ (59)

عیسا هەر بەندەیەکی ئێمەبووەو، ئێمەنازو نیعمەتی (پێغەمبەرایەتیمان پێ بەخشی) وەکردمانەنموونەیەك بۆ نەوەی ئیسرائیل (تا شوێنی بکەون).

وَلَوْ نَشَاء لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَائِكَةً فِي الْأَرْضِ يَخْلُفُونَ (60)

وەئەگەر بمانویستایەئێوەمان دەکردەفریشتەو لە زەویدا نیشتەجێمان دەکردن (هەموان فەرمانبەردار بوون).

وَإِنَّهُ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَاتَّبِعُونِ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ (61)

بەڕاستی لەدایك بوونی عیسا، بێ باوك، بەڵگەیەلەسەر قیامەت، کەواتەبەگومان مەبن لێی و باوەڕی پێ بهێنن (وەپێیان بڵێ): هەر پەیڕەوی لە(زاتی) من بکەن، هەر ئەوەشەڕێگەی ڕاست و دروست.

وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (62)

(خەڵکینەهەوڵ بدەن) با شەیتان ڕێتان پێنەگرێت و لەڕێی ڕاست لاتان نەدات چونکەئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە.

وَلَمَّا جَاء عِيسَى بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (63)

کاتێ کەعیسا بە(معجزة)ی ئاشکراوەڕەوانەکرا بۆ نەوەی ئیسرائیل، وتی: من حیکمەت و داناییم بۆ هێناون، هەروەها زانیاری ئەوەشم پێیەکەئەو شتانەتان بۆ ڕوون بکەمەوەکەکێشەتان لەسەری هەیەو ڕاو بۆچونتان لەسەری جیاوازە، جا ئێوەلەخوا بترسن و گوێڕایەڵی م بکەن.

إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ (64)

بەڕاستی خوای گەورەپەروەردگاری منیش و ئێوەشە، تەنها ئەو بپەرستن، هەر ئەمەشەڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ (65)

(پاشان) دەستەو گرۆهەکان جیاوازی کەوتەنێوانیان (لەسەر عیسا خۆی)، وەیل و قوڕبەسەری بۆ ئەوانەی کەستەمیانکردووەو ستەم دەکەن، لەسزاو ئازارێکی ڕۆژێکی پڕ ئێش.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (66)

ئایا ئەوانەجگەلەهاتنی قیامەت چیتر چاوەڕوان دەکەن، کەکوتوپڕ دێت و یەخەیان پێ دەگرێت و ئەوان پێی نازانن.

الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ (67)

دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکن، هەموو ڕقیان لەیەك دەبێتەوە، جگەلەو کەسانەی کەلەسەر بنچینەی تەقواو خواناسیی کۆبونەتەوەو برایەتییان بەرپا کردووە.

يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ (68)

(خوای گەورەپێیان دەفەرموێت) ئەی بەندەکانم ئەمڕۆ ئیتر ئێوەهیچ ترس و بیمێکتان نابێت وەهیچ غەم و پەژارەیەك ڕووتان تێناکات.

الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ (69)

(ئەو بەختەوەرانەئەو کەسانەن کەکاتی خۆی) باوەڕیان هێناوەبەئایەتەکانی ئێمەو نیشانەکانی دەسەڵاتداریمان لەبوونەوەردا، وەبەڕاستی ئیماندارو موسوڵمان بوون.

ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (70)

(پێیان دەوترێت) فەرموون بچنەبەهەشتەوەخۆتان و هاوسەرانتان، خۆتان و ئەوانەی وەك ئێوەخواناس بوون، وەلەوێ ژیانی کامەرانیی و شادیی و بەختیاریی بەرنەسەر.

يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (71)

لەسەر سینی و قاپ و قاچاخ و کوپی ئاڵتون (جۆرەها خواردن و خواردنەوەی جوان وڕازاوەو تامخۆش و بۆنخۆشیان) بەسەردا دەگێڕن، وەلەو بەهەشتەدا هەرچی نەفس حەزی لێبکات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بەدیتنی بکات ئامادەیە، وەئێوە(ئەی خواناس و پاکان) ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەشی تیا دەبەنەسەر.

وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (72)

(خوای میهرەبان ئەوەندەی تر دڵخۆشیان دەکات، کاتێك پێیان دەفەرموێت): ئایا ئەو بەهەشتەی کەئێستا ئێوەبوونەتەخاوەنی و وەك میراتی شایستەی خۆتانە، لەدەرئەنجامی کاروکردەوە(چاکەکانتانەوەیە).

لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ (73)

میوەهاتی زۆرو هەمەجۆر تیایدا بۆتان ئامادەیەو لێی دەخۆن (هەرگیز تەواو نابێت و کەم ناکات).

إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ (74)

لەولاشەوەتاوانبارو تاوانکاران لەناو ئازارو سزای دۆزەخدا ژیانی نەبڕاوەدەبەنەسەر.

لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ (75)

ئازارو سزا لەسەریان کەم ناکرێتەوە، هەمووشیان تیایدا نائومێدو بێهیوان.

وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِن كَانُوا هُمُ الظَّالِمِينَ (76)

جا وەنەبێت ئێمەستەممان لێ کردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە.

وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ (77)

هاوار دەكەن: ئەی مالك (فریشتەی سەرپەرشتیاری دۆزەخ): دەبا پەروەردگارت بمانكوژێت، دەبا بمرین و (كۆتای بەم سەغڵەتیەمان بێت، كەچی دوای ماوەیەك) دەڵێت: ئەوەجێتانەو تیایدا بۆ هەمیشەدەمێننەوە(ئا بەو شێوەیەقورئان باسی بەختەوەران و باسی بەدبەخت و ناپوختەكان وەك شریتی ڤیدیۆو سینەما دەخاتەبەرچاو، ئەوسا دێتەوەبۆ دنیاو دەیەوێت پێش ئەوەی ئەو ڕۆژەبەرپا ببێت خەڵكی فریای خۆیان بكەون).

لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ (78)

بەڕاستی ئێمەپەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوەڕەوانەكردووەكەچی زۆربەتان حەزتان لەحەق و ڕاستی نیەو لێی بێزارن.

أَمْ أَبْرَمُوا أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ (79)

ئەوانەهەركاتێ بڕیارێك بدەن و پیلانێك بگێڕن (دژی موسوڵمانان)، ئێمەپیلانەكەبەسەریاندا دەشكێنینەوەو بەزەرەری خۆیان تەواوی دەبێت.

أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ (80)

ئایا ئەوانەوا دەزانن كەئێمەلەنهێنی و چپەیان بێئاگاین و نایبیستین؟! بەڵێ..زۆر ئاگادارین، وەفریشتەچاودێرەكانیشمان كەهەمیشەكەنزیكیانەوەن، وردو درشتی گوفتارو كرداریان تۆمار دەكەن.

قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ (81)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم بەو خوانەناسانە) بڵێ: ئەگەر خوای میهرەبان كوڕی ببوایەمن یەكەم كەس دەبووم كەئەو كوڕەم دەپەرست!!

سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (82)

پاكیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی، بۆ پەروەردگاری عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی، دەربارەی (ئەو

گوفتارەناقۆڵاو بێ سەروبنانەی کەنەفامان بۆ پەروەردگار) هەڵیدەبەستن.

فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا حَتَّى يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ (83)

جارێ وازیان لێبێنەبا هەر قسەی هەلەق و مەلەق بکەن، با هەر گەمەو یاری بکەن، هەتا دەگەنەئەو ڕۆژەی هەڕەشەیان لێکراوە.

وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَهٌ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ (84)

خوا ئەو زاتەکەهەر ئەو، خوای ئاسمانە، وەهەر ئەو خوای زەویشە، هەر ئەوەکەداناو زانایە.

وَتَبَارَكَ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (85)

ئەو زاتەی کەخاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانەزۆر موبارەك و خێربەخش و خێرخوازە، وەهەر ئەو دەزانێت کەی قیامەت بەرپا دەبێت، گەڕانەوەشتان بۆلای ئەوە.

وَلَا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (86)

(ئەوەش چاک بزان کەلەو ڕۆژەدا) ئەوانەی کەئەوان دەیانپەرستن تکاو شەفاعەتیان بەدەست نیە، مەگەر کەسێك کەشایەتی ڕاستی دابێت و بزانێت کێ شایستەی تکا بۆکردنە.

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ (87)

خۆ ئەگەر لەو (خوانەناسانە) بپرسیت: کێ دروستی کردوون، زۆر بەدڵنیاییەوەدەڵێن (الله) (باشەئیتر بۆچی) لەڕێبازی یەکتاناسین لادەدەن و شوێنی ناحەقیی دەکەون؟!

وَقِيلِهِ يَارَبِّ إِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ (88)

(ئینجا گوفتاری پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم دەفەرمویت کە) دەیگوت: ئەی خوایە: ئەمانەقەوم و هۆزێکن، باوەڕ ناهێنن (بیرناکەنەوە، تێم ناگەن).

فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (89)

دەتۆش (ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) چاوپۆشییان لێ بکەو لێیان ببورە، سەلامیان لێ بکەو نەرم بەلەگەڵیان، لەئایندەدا دەزانن چییان بەسەر دێت و خۆیان دەبیننەوە.